# من دەنگی ئێوەم

## ئەو کچەی وا لە چنگی داعش ڕزگاری هات و ئێستا دژ بە شەڕخوازی و کۆیلەیی تێدەکۆشێت




نووسین و وەرگێڕانی لە ئاڵمانیەوە:

نادر فەتحی (شوانە)



ڕەشەمەی ٢٠٢١ی زایینی، ئاڵمان



**Email: redaktion@rojhalat.de**

www.rojhalat.de / www.bokan.de

# پێرست

لەسەر ئەو کتێبە: ........................................................................ 3
لێدوانی وەرگری خەڵاتی نۆبێلی ساڵی ٢٠١٨ نادیا موراد ................................ 5

## سەبارەت بەو کتێبە:

وەك بەندكراوێكی وڵاتی ئیسلامی "داعش"، نادیە شاهیدی هەڵس و كەوتی بێ وێنە و نامرۆڤانەی شەهیدانی ڕێگای خودا دەبێ: نادیا بنەماڵەكەی لە دەست دەدا، دەبێتە قوربانی سووكایەتی، ئەشكەنجە و دەسرێژی جینسی. كاتێ نادیە بۆ یەكەمجار لە ڕێكخراوە نێونەتەوییەكان باس لەسەر چارەنووسی خۆی دەكا، كۆمەڵگای جیهانی شۆكە دەبێ و بە سەرسووڕماویەوە گوێی بۆ ڕادەگرن.

ئەمرۆ نوێنەری تایبەتی ڕێكخراوە نێونەتەوییەكان و هەڵبژاردەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بۆ پارێزگاریكردن لە ژنانی ئێزەدی كە هێشتا هەر لەژێر كونترۆڵی تێرۆریستەكانی داعشدان، لە هەوڵدان و بۆ تاوانباركردنی تاوانباران تێدەكۆشن.

ئەو نووسراوەیە پێشكەش بە هەموو مرۆڤێكی ئێزەدی دەكرێ.


NORDIRAK
AUGUST-SEPTEMBER 2014
TÜRKEI
PKK-Kerngebiet
Rojava
(Syrisch-Kurdistan)
YPG-Kerngebiet
DPK-Kerngebiet
IRAN
Irakisch-
Kurdistan
SYRIEN
IRAK
PUK-Kerngebiet
IRAK UND DER NAHE OSTEN

# ووتاری نادیە موراد لە ڕۆژی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێلی ساڵی ٢٠١٨ دا

شاری ئوسلۆ، ڕۆژی ١٠ی مانگی دسامبری ساڵی ٢٠١٨

ڕێزدار، سەرۆکی کومیتە، ڕێزداران ئەندامانی بەڕێزی مەجلیس، خانمان و ئاغایان – سڵاوی گەرمی من لە ئێوەی خۆشەویست!

لە پێش هەمووشتێکدا پێمخۆشە سپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی کومیتەی نوبێل بکەم کە بە دانی ئەو خەڵاتە ڕێزیان لە من گرتووە. گەورەترین شانازییە بۆ من و هەڤاڵی خۆشەویستم دوکتور دنیس مۆکویگە "Denis Mukwege" کە ساڵانی درێژ بە بێ ماندوو بوون خزمەتی بە قوربانیانی کارەساتی تووڕەیی لە هەنبەر ژنان کردووە و دەنگی ئەو ژنانەی لەژێر تووڕەییدا ئازاریان کێشاوە بەرز کردۆتەوە و بە گوێی جیهانی گەیاندووە. پێمخۆشە لە قووڵایی دڵمەوە لەگەڵ ئێوەدا بدوێم و بۆتان بگێڕمەوە چلۆن ئەو کۆمەڵکوژییەوە گۆڕانی بەسەر ژیانی من و هەموو ئەو مرۆڤە ئێزەدییانەدا هێناوە و هەروەها چلۆن "وڵاتی ئیسلامی" یاخود داعش هەوڵی تووناکردنی سەرجەم کۆمەڵگایەکی عێراقی داوە، ژنانی بە کۆیلە گرتووە، پیاوانی کوشتووە و شارە پیرۆزەکانمان و زیارتگاکانمانی لەناو بردووە.

ئەمڕۆ بۆ من ڕۆژێکی گەلێك تایبەتییە. ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە چاکە بەسەر خراپەدا سەرکەوتووە، ئەو ڕۆژە کە مرۆڤایەتی بەسەر تێرۆریزمدا سەرکەوتووە، ئەو ڕۆژەی کە منداڵان و ژنانی ئەشکەنجەکراو بەسەر ئەشکەنجەچییاندا زاڵ بوون. هیوادارم ڕۆژیکی ئەوتۆ دەسپێکی کاتێکی نوێ بێ، سەردەمێك کە ئاشتی لە پێش هەمووشتێکەوە وەستابێ و هەموو جیهان پێکەوە یاسا و ڕێگاچارەیەکی نوێ بدۆزنەوە کە ژنان، منداڵان و کەمینەکان لە هەنبەر شەڕخوازی، ئازار و بەتایبەت توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی پارێزگاری بکا.

من سەردەمی منداڵی خۆم وەك كیژە وەرزێرێكی گوندی كۆچۆ "Kocho" لە باشووری ناوچەی شنگاڵ "Sindschar" تێپەڕ كردووە. من هیچ شتێكم لەسەر خەڵاتی ئاشتی نۆبێل نەبیستبوو. هیچ شتێكیشم لەسەر كێشەی شەڕخوازی و كوشتنی بەكۆمەڵ كە ڕۆژانە لەم جیهانەدا ڕوودەدەن، نەدەزانی. من نەمدەزانی مرۆڤ دەتوانن كارەسات و تاوانی ئاوا جینایەتكارانە بەسەر یەكتر بێنن. وەك كیژێكی گەنج ئارەزووم ئەوە بوو دوای كۆتایی پێهێنانی قوتابخانە لە گوندەكەی خۆمان سالۆنێكی ئاڕایش و جوانكاری بكەمەوە و لە پەنا بنەماڵەكەی خۆم لە ناوچەی شنگاڵ "Sindschar" ژیان بكەم. بەڵام ئەو ئارەزووەم بوو بە خەونیكی گەلێك ناخۆش و ترسینەر. ڕووداوی گەلێك چاوەڕوان نەكراو پێكهاتن. كۆمەڵكوژی بەڕێوەچوو. بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە دایكم لە دەست دا، شەش برا و منداڵەكانیان كووژران. هەموو بنەماڵەیەكی ئێزەدی دەتوانن بەهۆی ئەو كۆمەڵكوژییەوە چارەنووسێكی هاوچەشنی من بگێڕنەوە كە یەك لە یەكتر ناخۆشتر و دڵتەزێنتر بێ.

بەڵێ، ژیانی ئێمە لە شەوێكدا بەتەواوەتی گۆڕا، بە شێوازێك كە بەهیچ شێوەیەك ناتوانین لێی تێ بگەین. هیچ بنەماڵەیەكی ئێزەدی نییە خۆشەویستێكیان لێ جیا نەكرابێتەوە. پێكهاتەی كۆمەڵایەتی كۆمەڵێكی ئاشتیخواز لێك هەڵبڕاوە و بە سەرجەم كۆمەڵگایەك كە ئاڵاهەڵگری ئاشتیخوازیە و فەرهەنگێكی پڕ لە سەبووری و تولەرانسی پەروەردە كردووە، بۆتە قوربانی شەڕێكی بێ مانای ئایینی.

بە درێژایی مێژوو بەهۆی باوەڕی ئایینیمانەوە ژمارێكی گەلێك زۆری هێرشكاری و كۆمەڵكوژیمان ئەزموون كردووە. ئاكامی ئەو كۆمەڵكوژییانە بۆتە هۆی ئەوەی لەمڕۆدا ژمارێكی كەم مرۆڤی ئێزەدی لە وڵاتی توركیا دەژین. لە نیزیكەی ٨٠ هەزار ئێزەدی كە سەردەمی خۆی لە وڵاتی سوریا دەژیان، تەنیا ٥ هەزر كەس ماونەتەوە. مرۆڤی ئێزەدی لە وڵاتی عێراقیش چارەنووسێكی هاوچەشنیان هەیە، لەوێش ژمارەیان بە ڕاشكاوی كەم بۆتەوە. ئارەزووی وڵاتی ئیسلامیی "داعش" كە لەناوبردنی

وەچەی ئیزەدییەکانە وەدی دێ ئەگەر ئەو کۆمەڵگایە تەنیا بهێڵدرێتەوە و پارێزگاریی لێ نەکرێ. چارەنووسێکی هاوچەشن هەڕەشە لە تووناکردنی کەمینەکانیتری عراق و سوریاش دەکا.

کاتێ حکوومەتی عێراق و حکوومەتی کوردستان لە باشوور ئێمەیان بە تەنیا هێشتەوە، کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانیش نەیانتوانی لە هەنبەر هێرشی وڵاتی ئیسلامی "داعش" پارێزگاریمان لێبکەن و پێش بەو کۆمەڵکووژییە بگرن و بە شێوەیەکی بێ وێنە و بە بێ هیچ هەڵس و کەوتێ، هەموو جیهان چاوی بڕیبووە تووناکردنی ئێمە. ماڵەکانمان، بنەماڵەکانمان، داب و نەریتمان، خەڵکەکەمان، ئارەزووەکانمان و هەموو شتێکی ئێمەیان کاول کرد و لەناو برد. دیارە دوای ئەو کۆمەڵکووژییە هەم لە ناوچەکە و هەم لە ڕوانگەی مرۆڤی نێونەتەوەییەوە ئیمپاتییەکی زۆر لە هەنبەر ئێمە نیشاندرا و هەستی سۆزداری خۆیان لە هەنبەر ئێمە دەربڕی و زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەو کۆمەڵکووژییەیان بە فەرمی ناساند، بەڵام پێش بە مرۆڤکووژیەکە نەگیرا. مەترسیی تووناکردنی سەجەم کۆمەڵگای ئیزەدی، وەك پێشتر هەبوو، ئەمڕۆش لە ئارادایە.

بارودۆخی سامناکی مرۆڤی ئیزەدی کە هێشتا لە کەمپ یاخود بەندیخانەی وڵاتی ئیسلامی "داعش" دان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە. بنەماڵە ئاوارەکانی ئیزەدی هێشتا نەیانتوانیوە لەو بەندیخانەیە ڕزگارییان بێ و ئەو کاولکارییانەی وڵاتی ئیسلامی "داعش" پێکی هیناون هێشتا قەرەبوو نەکراونەوە. هیچکام لەو تاوانبارانەی پێکەوە ئەو کارەساتەیان بەسەر مرۆڤی ئیزەدیدا هێناوە تا ئەمڕۆ دادگایی نەکراون. من ئیتر پێویستیم بە سۆزداری نییە – من پێمخۆشە هەستی ئیمپاتی و سۆزداری ببێ بە کردەوە و دژ بەو مرۆڤکووژانە لە ناوچەکە بەڕێوە بچێ.

ئەگەر کۆمەڵە یەکگرتووەکان لە پێناو یارمەتیدان بە قوربانیانی ئەو کۆمەڵکووژییە جیددین، و ئەگەر دەمانەوی بنەماڵە ئیزەدییەکان کەمپی پەنابەری بەجێ بێڵن و بگەڕێنەوە سەر زێد و نیشتمان و ماڵ و حاڵی خۆیان و هەستی باوەڕبەخۆییان تێدا پەروەردە بکرێتەوە، دەبێ کۆمەڵە

www.rojhalat.de / www.bokan.de

نێونەتەوەییەکان لەژێر چاوەدێریی ڕێکخراوە نێوتەتەوەییەکان پارێزگارییان بۆ دەستەبەر بکەن. بە بێ ئەو پارێزگارییە نێونەتەوەییە هیچ گارانتییەکیان نابێ کە هەمیسان لە لایەن گرووپی تێڕۆریستی ترەوە کۆمەڵکووژیان لەسەر نەکرێ. کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دەبێ ئەو کارە بە ئەرکێکی سەرەکی خۆیان دابنێن وەك پەنابەر پەنا بە قوربانیانی ئەو مرۆڤکووژییە بدەن و دەرەتانی کۆچی ئەو مرۆڤانە دەستەبەر بکەن.

ئەمڕۆ ڕۆژێکی تایبەتییە بۆ هەموو مرۆڤێکی عێراقی، نەك بەو هۆیەی کە من، وەك یەکەم مرۆڤی عێراقی، خەڵاتی ئاشتی نۆبێل وەردەگرم بەڵکوو بەو هۆیەی لەمڕۆدا سەرکەوتوویی خۆمان بەسەر تێڕۆریستانی وڵاتی ئیسلامی "داعش" و ڕزگار بوونی وڵاتەکەمان جێژن دەگرین. عێراقییەکان لە باکوورەوە هەتا باشووری وڵاتەکە هێزی خۆیان لێکگرێدا و یەکیەتییان پێکهێنا و بەناوی هەموو جیهان بەربەرەکانییەکی بەردەوام و دوور و درێژیان لەهەنبەر ئەو مرۆڤە زێدەڕۆیانە بەرێوەبرد. ئەو یەکیەتییە هێزی بە ئێمە دا. ئێستا دەبێ بە یەکیەتیی و بە تێکۆشانی هەموومان تاوانکارییەکانی وڵاتی ئیسلامی "داعش" ڕوون بکرێنەوە و ئەو کەسانەی پێشوازیی و لایەنگرییان کردوون و تەنانەت چوونەتە ریزیانەوە و بۆ داگیرکردنی وڵاتی عێراق ڕێگایان بۆ خۆش کردوون، سزا بدرێن. ئیتر دوای مرۆڤکووژانی وڵاتی ئیسلامی "داعش" لە وڵاتی عێراق نابێ دەرفەت و ڕێگا بە هیچ گرووپێکی تێڕۆریستی و زێدەڕۆ بدرێ. ئێمە دەبێ بە یارمەتی و یەکیەتی هەموومان، هەموو هێزمان بۆ نوێسازی و دوبارە سازکردنەوە و قەرەبووکردنەوەی کاولکارییەکان تەرخان بکەین بۆ ئەوەی وڵاتێکی ئەمن و پڕ لە ئاسایش بۆ هاووڵاتییەکانمان بونیاد بنێین.

ئێمە دەبێ هەموو ڕۆژێك وەبیر خۆمانی بێنینەوە چلۆن ڕێکخراوەی وڵاتی ئیسلامی "داعش" و ئەو کەسانەی پشتیوانییان لە ڕێ و ڕێبازی ئەو مرۆڤە زێدەڕۆیانە کردووە، ساڵی ٢٠١٤ بە شێوەیەکی نا ئینسانی و بێ وێنە هێرشیان کردە سەر ئێزەدییەکان بەو مەبەستەی یەك لە ئەندامە سەرەکیی و کەونەکانی کۆمەڵگای عێراق توونا کەن و وەچەیان لەناو

بەرن. ئەوان ئەو کۆمەڵکوژییەیان تەنیا لەسەر یەك بەڵگە بەڕێوە برد: چونکە ئیمە ئیزەدین و باوەڕێکیترمان هەیە، داب و نەریتێکی جیا لەوانمان هەیە و دژ بە کوشتن، زیندانیکردن و بە کۆیلە کردنی یەکترین.

لە سەدەی بیست و یەکەمدا و لە سەردەمی گلۆبالیزم و یەکگرتوویی جیهانی و مافی مرۆڤدا لەبەر چاوی هەموو جیهان زیاتر لە ٦٥٠٠ منداڵ و ژنی ئیزەدی بەدیل گیران، فرۆشران و دەستدرێژی سێکسی و دەروونییان لەسەر کرا. سەرەڕای باس و لێکۆڵینەوەی ڕۆژانەمان لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە چارەنووسی زیاتر لە ٣ هەزار منداڵ و ژن کە هێشتا هەر لەژێر شەڕخوازی و تووڕەیی تێرۆریستانی وڵاتی ئیسلامی "داعش" دا وەك کۆیلە گیریان خواردووە، نادیارە و ڕوون نەکراوەتەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ کیژان لە ئەوپەڕی پشکووتنی تەمەنیاندا هێشتا هەر دەفرۆشرێن، بە کۆیلە دەکرێن و لە زیندان دەخرێن. بە ساکاری جێی باوەڕ نییە بەرپرسانی سیاسی ١٩٥ وڵاتی ئەم جیهانە ویژدانیان بۆ ئازادی ئەو کیژانە هان نەدرێ. ئەدێ هەڵس و کەوتیان چلۆن دەبوو ئەگەر ئەو کارە مامەڵەیەکی ئابووری بایە، باس لەسەر زەوییەکی نەوتدار یا فرۆشتنی چەکەمەنی بایە؟ ئەو کات بەدڵنیاییەوە هەموو کارێکیان بۆ دەکرد و هەموو هەنگاوێکیان بۆ هەڵدێناوە.

هەموو ڕۆژێك گوێم لە چیرۆکێکی خەمبار دەبێ. سەدان هەزار یاخود ملیۆنان منداڵ و ژن لە هەموو شوێنەکانی ئەم جیهانە بەهۆی ڕاونان و تووڕەیی ئازار دەکێشن. هەموو ڕۆژێك هاواری منداڵانی سوریا دەگاتە گوێم، هاواری منداڵانی عێراق و یەمەن. هەموو ڕۆژێك بە چاوی خۆمان دەیبینین چلۆن لە قوڕنەی ئافریقا و شوێنەکانیتر سەدان ژن و منداڵ کۆمەڵکووژی دەکرێن و قوربانی شەڕخوازیی دەبن، بە بێ ئەوەی کەسێك دەنگی دەربێ، یارمەتیان بدا یا تاوانبارەکان سزا بدرێن. لە چوار ساڵی ڕابردووەوە سەفەر بۆ شوێنە جیاوازەکانی ئەم جیهانە دەکەم، بۆ ئەوەی مێژووی خەڵکەکەم و ئەو کەمینانەی لەژێر ئازاردان بگێڕمەوە بە بێ ئەوەی داوای هیچ دادپەروەرییەکم کردبێ. ئەو پیاوانەی دژ بە کیژان و ژنانی ئیزەدی و نەتەوەیتر دەستدرێژیی سێکسی بەڕێوە دەبەن هێشتا هەر

بۆ ئەو کارە نامرۆڤانەیان دادگایی نەکراون. ئەگەر دادپەروەریی بەڕێوە نەچێ، ئەو تاوانکارانە درێژە بە کۆمەڵکوژی و دەستدرێژییە سێکسییەکانیان دەدەن. بۆئەوەی دەرەتانی ژیانیکی پڕ لە ئاشتیخوازی لە نێوان کۆمەڵانی وڵاتی عێراق پێك بێ بەڕێوەچوونی دادپەروەری گەلێك پێویستە. ئەگەر ئێمە نەمانەوێ ئیتر دەستدرێژیی سێکسی و ڕۆحی، زیندانیکردن و بەکۆیلەبردنی ژنان دووپات بکرێتەوە، دەبێ وەڵامدەرەوەی ئەو کەسانە بین کە لە تووڕەیی جینسی وەك چەکێك بۆ تاوانەکانیان دژ بە ژنان، کیژان و منداڵان کەڵك وەردەگرن.

من سپاسی ئێوە دەکەم بۆ ئەو ڕێز لێنانە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، تەنیا خەڵاتی جیهانی ئەو خەڵاتەیە کە بتوانێ شانازی و کەرامەتی مرۆڤ بگەڕێنێتەوە، ئەویش بریتییە لە بەڕێوەچوونی دادپەروەریی بۆ سزادانی تاوانباران. هیچ خەڵاتێکی ئەم جیهانە ناتوانێ جێی ئەو مرۆڤە خۆشەویستانەمان بگرێتەوە کە تەنیا بەو هۆیەوە لەناو چوون چونکە ئێزەدی بوون. تەنیا خەڵاتێك کە بتوانی ژیانی ئاسایی نێوان خەڵکەکەمان و هەڤاڵ و هاوسێکانمان قەرەبوو بکاتەوە دادپەروەرییە و پارێزگاریکردنی ئەو کۆمەڵگایەیە وا ماوەتەوە.

لەم ڕۆژانەدا ئێمە ساڵوەگەڕی حەفتاهەمین بڵاوکراوەی مافی مرۆڤی جیهانی جێژن دەگرین کە ئامانجی پێشگیری و ڕاگرتنی کۆمەڵکوژی و سزادانی تاوانکارانە. کۆمەڵگای من زیاتر لە چوار ساڵە کۆمەڵکوژی لە هەنبەردا بەڕێوە دەچێ. کۆمەڵە یەکگرتووەکان بۆ پێشگرتن یا وەستانی ئەو کۆمەڵکووژییە هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەهیناوە و هیچ کارێکیان بەڕێوە نەبردووە. ئەوان تاوانکارانیان سزا نەداوە. کۆمەڵگاکانیتریش لە بەر چاوی کۆمەڵە یەکگرتووەکان لەژێر مەترسی سڕینەوەی قەومی، هێرشی نەتەوەپەرەستی و سڕینەوەی ناسنامەییدان. پارێزگاریکردن لە ئێزەدییەکان و هەموو ئەو خەڵکانەی لەژێر مەترسی تووناکردندان دەکەوێتە ژێر بەرپرسایەتی کۆمەڵە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە و ئەنیستیتۆ جیهانییەکان کە بەرگریی لە مافی مرۆڤ، پشتیوانیکردن لە کەمینەکان و مافی ژنان و

منداڵان و بەتایبەت ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە ژێر بارودۆخێ شەڕ و شەڕخوازییەوە، بە ئەرکی خۆیان دادەنێن.

من ئەو شانازییەم هەبوو بەشداری لە کۆمەڵی ئاشتیی شاری پاریسدا بکەم. لەو کۆنفرانسەدا باس لەسەر بیرەوەری کۆتایی پێهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی کرا کە سەد ساڵ لە تەمەنی تێپەڕ بووە. بەڵام لەو سەردەمەوە تا ئێستا چەند کۆمەڵکوژی و شەڕیتر پێکهاتووە؟ قوربانیانی هەموو ئەو شەڕ و شەڕخوازییانە لە ئەژماردن نایەن. هەموو جیهان ئەو شەڕانەی مەحکووم کردووە و کۆمەڵکووژییەکانی بە فەرمی ناسیون. بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە کۆتایی بە هەڵس و کەوتی شەڕخوازانە بێنن و پێشی پێ بگرن، بۆ ئەوەی ئیتر دووپات نەبێتەوە. دیارە ڕاستە لە جیهاندا ژمارێکی گەلێك زۆر کێشە و تێکهەڵچوون هەن، بەڵام ئاسۆی زۆریش بۆ پشتیوانیکردنی قوربانیان هەن و تێکۆشانێکی بەرچاو لە پێناو متمانەکردن بۆ بەڕێوەچوونی دادپەروەریی لە ئارادایە. بۆ وێنە من خۆم بە بێ تێکۆشان و چالاکیی ئەیالەتی بادن وورتنبرگ "Badenwürttemberg" و بەتایبەت چالاکییەکانی ئاغای کریشمەن "Kretschmann" ئەمرۆ لێرەدا نەمدەتوانی لە بارودۆخی ئازادبوونی خۆم چێژ وەرگرم، سکالا لە تاوانکارییەکانی وڵاتی ئیسلامی "داعش" بکەم و لەسەر ئازارکێشانی مرۆڤی ئیزەدی ئاخەفتنتان بۆ بکەم. بە بۆچوونی من گەلێك گرنگە هەموو ئەو مرۆڤە قوربانییانە پێش گەیشتنی کاتی بەڕێوەچوونی دادپەروەری، شوێنێکی شیاویان بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەر بۆ دابین بکرێ.

ڕاهینان ڕۆڵیکی گەلێك گرنگ بۆ پەرەسەندنی شارستانییەتی ئەو کۆمەڵگایانە دەگێڕێ کە باوەڕیان بە ئاشتی و تۆلەرانس هەیە. هەر بەو هۆیەوە دەبێ هەموو توانای خۆمان بۆ ڕاهێنانی منداڵەکانمان تەرخان بکەین، چونکە منداڵ وەك کاغەزێکی نەنووسراو وایە، لەجیاتی ڕق و کینە و هۆزپەرەستی دەتوانین وەك مرۆڤێکی تۆلەرانت و ئاشتیخواز ڕایانبێنین. هەروەها ژنان ڕۆڵیکی گەلێك گرنگیان بۆ چارەکردنی زۆربەی کێشەکان هەیە و دەبێ ڕۆڵێکی بەرچاویان بۆ دابینکردنی ئاشتی بەردەوامی کۆمەڵگا

پێ بسپێردرێ. به بەشدارکردنی ژنان و دەنگیان له کۆمەڵگادا دەتوانین گۆڕانێکی گەلێك زۆر پێك بێنین.

من شانازی به ئێزەدییەکانەوە دەکەم، شانازی به هێز و سەبووری و خۆڕاگرییانەوە دەکەم. کۆمەڵی ئێمه گەلێك جار کەوتۆته بەر هێرش و هەڕەشەی تووناکردنمان لێکراوە، بەڵام بەردەوام بۆ مافی مانەوەمان خۆڕاگری و تێکۆشانمان کردووە. کۆمەڵگای ئێزەدی سەرچاوەی ئاشتی و خۆڕاگرییه و دەبێ وەك نموونەیەکی جیهانی سەیر بکرێ.

من پێمخۆشه لەم هەله کەڵك وەرگرم و سپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی ئەو کەسانه بکەم که له یەکەم ڕۆژەوە پشتیوانیان له پەیامەکەی من کردووە و بەسەر ئەم جیهانەدا بڵاویان کردۆتەوە، بەتایبەت گرووپەکەم که هەموو ڕۆژ و کات و ساتێك له پەنام بوون و هێزم لێ وەرگرتوون. سپاس بۆ هەموو ئەو حکوومەتانەی له بەرەی کۆمەڵه هەڕەشەلێکراوەکاندا وەستاون. سپاسی زۆر بۆ وڵاتانی کانادا و ئوسترالیا بۆ وەرگرتنی قوربانیانی ئەو کارەسات و کۆمەڵکووژییەی بەسەر ئێزەدییەکان هێنرا. من سپاسی وڵاتی فەرەنسا و سەرۆککۆمار ماکرۆن دەکەم بۆ پشتیوانی مرۆڤخۆشەویستانەی له کێشەکەی ئێمه. سپاس و پێزانین بۆ کوردەکانی باشوور که له چوار ساڵی ڕابردووەوە پشتیوانیی ئاوارەکانیان کردووە. سپاس بۆ ئەمیری کوەیت و حکوومەتی نوروێژ بۆ وەڕێخستنی کونفرانسی قەرەبووکردنەوە و دووبارە سازی له وڵاتی عێراق. سپاس و پێزانین بۆ هەڤاڵم ئەمەل کلۆنی "Amal Clooney" و تیمەکەی بۆ تێکۆشانی لەڕادەبەدەریان بۆ وەڵامدانەوەی وڵاتی ئیسلامی "داعش". سپاس بۆ وڵاتی یۆنان بۆ پشتیوانیکردنی بێ سنووریان له پەنابەران.

وەرن با هەموومان پێکەوە بۆ تێکۆشان له هەنبەر نادادپەروەریی و زوڵم له دەوری یەکتر کۆبینەوە. وەرن با هەموومان پێکەوە به دەنگی بەرز بڵێین: نا بۆ شەڕخوازی، ئا بۆ ئاشتی؛ نا بۆ کۆیلەداری، ئا بۆ ئازادی؛ نا بۆ جیاوازیی نەتەوەیی، ئا بۆ یەکبوون و مافی مرۆڤ بۆ هەموو ئینسانێك؛ نا بۆ چەوسانەوەی ژنان، کیژان و منداڵان، ئا بۆ پێکهێنانی ژیانێکی شیاو

www.rojhalat.de / www.bokan.de

و سەربەخۆ بۆ هەموو ئەو مرۆڤانە؛ نا بۆ ئازادیی تاوانکاران، ئا بۆ سزادانی جینایەتکاران و بەڕێوەچوونی دادپەروەریی.

گەلێك سپاس بۆ میوانداری و سەرنجدانی دۆستانەتان. هیوادارم هەمووتان ژیانێکی بەردەوام پڕ لە ئاشتیانەتان هەبێ.